زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**توێژینەوەی دەرچوون**

**پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی - کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر کراوە،وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە (کۆمەڵناسی)دا**

**ئامادەکاران**
**هدی کامران حسین**
**ئاویستا فؤاد علی**

**بە سەرپەرشتی**
**د. روستم صابر مصطفی**

**هەولێر - کوردستان**
**٢٠٢٥ - ٢٠٢٤**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ قَالُوا سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا الاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴾ (٣٢)

((صدق الله العظيم))

((سورة: البقرة / الآية ٣٢))

## بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی **(گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم)،** هەر هەمووی کاری ڕەسەنی خۆمانە، جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەمان پێکردووە، هەموو نووسین و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمانە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس. لەهەر جێگایەک شتێکمان وەرگرتبێت، ئاماژەمان بە سەرچاوەکەی کردووە.

| | |
|---|---|
| واژوو: | واژوو: |
| ناوی قوتابی: هدى كامران حسين | ناوی قوتابی: ئاویستا فؤاد على |

**ناوەڕۆک**


| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | |
| ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز | |
| بەڵێننامەی قوتابی | |
| پێشکەشە بە | |
| سوپاس و پێزانین | |
| ناوەڕۆک | |
| لیستی خشتەکان | |
| پێشەکی | |
| **بەشی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان** | |
| **باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە** | |
| ١- گرفتەکانی توێژینەوەکە | |
| ٢- گرنگییەکانی توێژینەوەکە | |
| ٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە | |
| **باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان** | |
| ١- گرفتی کۆمەڵایەتی | |
| ٢- خێزان | |
| ٣- ئۆتیزم | |
| | |

## گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی خێزانانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم

## دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

١- گرفتەکانی توێژینەوەکە

٢- گرنگی توێژینەوەکە

٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە

# بەشی یەکەم

# ڕەهەندی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان

## باسی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

## ١- گرفتی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانانی خاوەن منداڵانی ئۆتیزم دەکات، لەم توێژنەوەیەدا خێزانی منداڵەکە بە تایبەتی دیاریدەکەین، ئەو کەسەی کە نەخۆشی ئۆتیزمی هەیە بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە خێزانەکەدا دروستی دەکات، بۆیە منداڵی ئۆتیزم بە حاڵەتێکی نائاسایی دیاری دەکرێت، ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە ئەنجامی ئۆتیزمەوە دروست دەبێت ڕەنگە ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ لە ژیانی خێزانەکەدا.

خێزان لە ژیانی تاک و کۆمەڵگادا گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە بنەمای بنیاتنانی کۆمەڵگا و دروستکردنی کەسایەتی تاکەکانە، ئەو خێزانانەی پێویستیان بە چاودێری و پشتیوانییە خێزانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتن، ڕەنگە بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی لە خێزاندا دروستی دەکات خێزانەکە هەمیشە بە دوای ئەو خزمەتگوزارییانەدا بگەڕێت کەوا پێشکەشی منداڵەکانیان بکرێت.

کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا تێڕوانینی نەرێنی بەرانبەر بە کەمئەندامەکان زاڵە ئەمەش لە کۆمەڵگا مرۆییەکان شتێکی نەخوازراوە، دەکرێ بڵێین بە زۆری دەبێتە هۆی هەستکردن بە ئازار و نەهامەتی، ڕەنگە چەندین کێشە بۆ خێزانەکان دروست بکات.

### گرفتەکانی توێژینەوەکەمان:-

لێرەدا گرفتی ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک پرسیار لە خۆ دەگرێت، کە بریتین لەمانە:

١. ئایا گرفتە خێزانییەکانی منداڵی ئۆتیزم چییە؟
٢. ئایا بەپێی گۆڕای ڕەگەز کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵی ئۆتیزم هەیە؟

٣. ئایا بەشداریکردنی منداڵی ئۆتیزم لە سەنتەرەکانی ئۆتیزم کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی گرفتەکانیان هەیە؟

# ٢- گرنگی توێژینەوەکە :

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە دەردەکەوێت کە تیشک دەخاتە سەر دیاردەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگا، دا ئەویش بابەتی ئۆتیزم و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری تا ڕادەیەک گونجاو بۆ ئەم گرفتە، دەکرێت توێژینەوەکە وەک ئامرازێکی هۆشیاری بۆ تاکەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا سوودی لێ وەربگیرێت، لە ڕووانگەی زانستییەوە هەوڵ دەدەین هەندێک زانیاری زانستی سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە بخەینەڕوو.

**گرنگی توێژینەوەکە لە دوو لایەن پێکهاتووە کە ئەمانەن:**

أ. **گرنگی تیۆری**

گرنگی ئەم لایەنە خۆی دەبینێتەوە لە جەختکردن لەسەر شیکردنەوەیەکی تیۆری بۆ بوارەکان و لایەنەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەمەش بە سوودوەرگرتن یان پشتبەستن بەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان یاخود گرنگییان بە لایەنێک لە لایەنەکانی ئەم بابەتە داوە، لێرەدا گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە توێژینەوەیەکی زانستییە سەبارەت بە جەختکردنە سەر گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم.

**ب. گرنگی پراکتیکی:**

گرنگی ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کراوە، لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ئەو زانیارییانەی بەدەستهاتوون، ئەمەش تەواوکەری لایەنی تیوری توێژینەوەکەیە، زەمینەیەکە بۆ تێگەیشتن لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم، دواتر خستنەڕووی زانیارییکان و شیکردنەوەیان، لەگەڵ تیشک خستنەسەر پێشنیاز و ڕاسپاردەکان پەیوەست بە بابتەکە، دەتواندرێت ئەم توێژینەوەیە لە بەشە پەیوەندیدارەکانی وەک کۆمەڵناسی پزیشکی، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی خێزان سوودی لێ وەربگیرێت، چونکە توێژینەوەکە باس لە کاریگەرییەکانی منداڵی ئۆتیزم دەکات لەسەر گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم.

## ٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١. ئاشکراکردنی گرفتە خێزانییەکانی منداڵی ئۆتیزم.
٢. تیشک خستنە سەر بەشداریکردنی منداڵی ئۆتیزم لە سەنتەرەکانی ئۆتیزم و کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی گرفتەکانیان.
٣. دەستنیشانکردنی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵی ئۆتیزم.

# باسی دووەم/ دیاریکردنی چەمکەکان

### ١- گرفتی کۆمەڵایەتی

**گرفتی کۆمەڵایەتی**: هەر حاڵەتێک یان ڕەفتارێک کە لێکەوتەی نەرێنی بۆ ژمارەیەک لە توێژەکانی کۆمەڵگا پێناسە دەکرێت وەک حاڵەتێک یان ڕەفتارێک کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. (ابراهیم،٢٠١٦:١٤)

**گرفتی کۆمەڵایەتی** : ئەو گرفتانەن ڕووبە ڕووی کۆمە ڵگە بە گشتی دەبێت و کاریگەرییان لە سەر ژیانی مرۆڤەکان و پە یوەندییەکانی نێوان تاک و گروپەکانی ناو کۆمەڵگە هەیە، ئەم کێشانە هەمەچەشنن و لەوانەیە هەژاری، بێکاری، هەڵاواردن، توندوتیژی، تاوان، پەروەردەی نایەکسانی و پرسگەلێکی دیکە کە کاریگەرییان لەسەر کوالیتی ژیان و سەلامەتی کۆمەڵگا هەیە. (احمد،٢٠٢٠:١٢)

**گرفتی کۆمەڵایەتی** : ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک بابەت کە کاریگەرییان لەسەر خۆشگوزەرانی تاک و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا هەیە. ئەم گرفتانە زۆرجار بەها و بیروباوەڕ و بەرژەوەندی دژبەیەک لە نێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دەگرێتەوە. (ابوقحق،٢٠٠١:٤)

٤.- **پێناسەی کارپایی توێژەر** : گرفتە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەنجامی کارلێکەکانی نێوان تاکەکان و ژینگە و کۆمەڵگاکانیانەوە سەرهەڵدەدەن، وەک هەژاری، نایەکسانی، تاوان و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و چەندانی تر لەخۆدەگرن، زۆرجار ئەم پرسانە وەک هۆکاری سیستماتیکی ڕەگی داکوتاوە و سەرچاوە دەگرن و پێویستیان بە هەوڵی بەکۆمەڵ هەیە بۆ چارەسەرکردن.

**٢- خێزان :**

خێزان: سیستەمێکی مرۆیی کە بۆ پاراستنی جۆری مرۆڤ بوونی هەیە، لەناو ئەو سیستەمەدا شێوازە ڕەفتارییەکان بە چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و کات بەسەربردن دەبەسترێتەوە و لەناو ئەو سیستەمەدا پرۆسەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و دزەکردنی بەهاکان ڕوودەدەن. (بدوی،١٩٨٣:١٥٢)

خێزان: بریتیە لە ژن و پیاوێک بە بوونی پەیوەندی هاوسەرییەتی دانپیانراو و منداڵەکانیان. (میسوم، ٢٠١٦: ٢٦)

خێزان، یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتییە، لە سادەترین شێوازیدا خێزان پێکدێت لە دایک و باوک و منداڵەکانیان کە پەیوەندییەکی خوێنی لە نێوانیاندا هەیە .(اسماعیل،٢٠١٥:٢٢)

٤- **پێناسەی کارپایی**: بۆ خێزان بریتیە لە دایک و باوک و منداڵەکانیان کە لەژێر چەترێکدا دەژین، هەندێک جاریش داپیرە و باپیرە لەخۆدەگرێت، کە پەیوەندییەکی خوێنی لە نێوانیاندا هەیە.

**٣- ئۆتیزم:**

**ئۆتیزم:** تێکچوونێکی گەشەکردنی دەمارەکان کە کاریگەرییەکی گشتگیری لەسەر هەموو لایەنەکانی گەشەکردن هەیە کە لە سەرەتای منداڵیدا دەردەکەوێت، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی زارەکی و نازارەکی، ڕەفتار و چالاکییە تایبەتەکان. (فرج،٢٠٠٤:٧)

**ئۆتیزم:** نەخۆشییەکە کە لە تەمەنێکی بچووکدا تووشی منداڵان دەبێت منداڵەکە بە خۆگۆڕین و خراپی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نەبوونی متمانە بە کەسانی دەوروبەری دەناسرێتەوە و لە سێ ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵەکە. (محمد،٢٠١٤،٢٢)

**ئۆتیزم:** جۆرێکە لەپەشێوی و ئاڵۆزی تێکچوونی گەشەی مێشک، ناسراوە بە دژواری کارلێککردن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، و لەلایەن هەڵسوکەوتی دووباریی سنووردار کراو ، زۆربەی کات دایک و باوک لە ماوەی یەکەم دوو یان سێ ساڵی ژیانی منداڵیان ئاگاداری نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەن. (صالح،٢٠١٢،١٩)

**پێناسەی کارپایی بۆ ئۆتیزم** بریتیە لە شێوان و تێکچوونی شێواز هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیی و پەیوەندیکردنی منداڵ لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و ڕێژەی تووش بوونەکەش لە منداڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.

## لیستی سەرچاوەکان

# سەرچاوە عەرببیەکان:


١- إبراهيم، مرفت السيد خطيري، ( ٢٠١٦)، التدخل المهني للخدمة الاجتماعية باستخدام النموذج المعرفي وتنمية وعي الأمهات باحتياجات أطفالهن التوحديين، مجلة الخدمة الاجتماعية، الجمعية المصرية للأخصائيين الاجتماعيين، ع ٥٦، ج ٤

٢- أبو قحق، عبد السلام (٢٠٠١). أساسيات التنظيم والإدارة، ط ، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية.

٣- أحمد، محمد محمد سليم . (٢٠٢٠م)، تقويم مبدأ التفاعل الجماعي الموجه وتنمية مهارات التواصل لدي جماعات أطفال التوحد، مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية والعلوم الإنسانية، كلية الخدمة الاجتماعية، جامعة حلوان، مج ٣، ع٥٢.

٤- بكة الميسوم،(٢٠١٦) صورة الذات لدى الفتاة في العائلة في ضوء بعض المتغيرات، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة وهران ، كلية العلوم الاجتماعية.

٥- بدوي ، احمد زكي(١٩٨٣)، معجم المصطلحات العلوم الاجتماعية ، مكتبة لبنان بيروت محمود حسن الخدمة الاجتماعية مكتبة لبنان بيرت .

٦- فرج، ابراهيم عبدالله(٢٠٠٤)، التوحد الخصائص والعلاج، دار الوائل الطباعة الطباعة والنشر، عمان الاردن.

٧- صالح ، علي عبد الرحيم(٢٠١٢) ، مدخل الي دراسة التوحد، ط ١، طباعة نشر توزيع، ديمشق.

٨- دنيا جليل اسماعيل ،(٢٠١٥)، اساليب التنشئة الاجتماعية الخاطئة وانعكاساتها على الاعداد الاجتماعي للطفل العراقي دراسة ميدانية، مركز ابحاث الأمومة والطفولة، جامعة ديالى.

٩- محمد،عادل عبدالله(٢٠١٤) ، مدخل الي اضطرب التوحد : النظرية والتشخيص وهذا يسبب القلق والارتباك للعائلات التي تحتاج إلى الرعاية ، البيت اللبناني المصري القاهره.